
## بە تۆمەتی سوکایەتیکردن بە شەهیدان و بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی تایفەگەری سکاڵایەکی یاسایی لەسەر عەدای غەریری تۆمارکرا



دەزگای شەهیدان ئەمڕۆ سێشەممە ڕایگەیاند کە سکاڵای یاساییان لەسەر عەدای غەریری کەسایەتی ئایینی تۆمار کردووە و تۆمەتباری کردوون بە سووکایەتیکردن بە شەهیدان و هاندانی ململانەی تایفەگەری.

بەپێی سکاڵانامەیەکی دەزگاکە کە دەستی موتەڵێع کەوتووە،تیایدا هاتووە:"سکاڵا لەسەر کراو(عەدای غەریری)لەسەر یەکێک لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەرکەوتووە،ولەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی(فەیسبوک) بڵاوکراوەتەوە،هەستاوە بەسووکایەتیکردن بەشەهیدانی عێراق وبڵاوکردنەوەی دووبەرەکی لەنێوان شەهیدانی تایفەیەکی عێراق وشەهیدانی حەشدی شەعبی وشەهیدانی سوپای عێراق و،وروژاندنی تایفەگەری.